# حیرمـــــــــان



پێشکەشە بەوەی
بەوێرانی هاتو هەموو شتێکی بەوێرانی جێ هێشتو ڕۆیی
.. بە خەبات ..

ئەحمەد عەلی
تەموزی 2004
Ahmadali525@hotmail.com

من... لەمەملەکەتی حیرمانەوە هاتووم و

جەستەم خەڵتانی خوێنو دڵم خەڵتانی برینە
هاتوموو... ڕابردوم شەقامێکە لە گەڵای هەڵوەریوو
تەنهاتر لە بزە غەمگینەکانی ئێواران
پەرێشانتر لە خونچەکانی دەم ڕەشەبا
هاتوموو...چاوم پڕە لە پارچەی وردوخاشبووی کبریائی ئەو منالانەی
تەمەنیان لە گەڵ ئەشکیاندا هەڵدەوەری
دەمم پڕە لە هاواری ئەو کچانەی
دڵیان بە نوکی چەقۆیەکەوە موبتەلا بوو
دڵم پڕە لە هاواری ئەو نامانەی
باوکم لە سەرە مەرگا بۆی جێهێشتم
*****
من لە مابەینی قسەنەکراوەکانی دڵموو
نیگا شەرماویەکانی منالیم

له كه‌نار ئه‌و په نجانه‌م كه ده‌یانویست
سه‌ما له گه‌ڵ ئاوازی نه‌غمه‌كانی ڕۆحم بكه‌ن
ته‌مه‌ن بێ خه‌تا به‌ره‌و پیریم ده‌باته‌وه
****
برینێكم به دڵی زه‌مه‌نه‌وه
هه‌رچی خوێنی تكاو هه‌یه له من ده‌ڕژێ
گه‌رووییه‌كم
هه‌رچی هه‌ناسه‌ی ته‌زیوی ته‌مه‌ن هه‌یه
به نێو مندا تێ ئه په‌ڕێ
ده‌ستێكمو وه‌كوو نزا
له مابه‌ینی فه‌زای ئاسمانو خودایه‌ك ..
خه‌یاڵێك...وه‌همێك
له مابه‌ینی منو ئه‌و شه‌وانه‌ی به ته‌نهایی ده‌مكوژێ
په‌رت ده‌بموو ..با..به چاوه‌ڕوانیم ئه‌سپێرێ
****

من له مه‌كانێكه‌وه هاتووم
مه‌كانێك له دوێنێمداو له دڵمدا
خه‌ساره‌تو یه‌خسیری عومرم بوو
هاتوموو نازانم
له موسیبه‌تێكدا..به ده‌م ناڵه‌ی ڕه‌شه‌بایه‌كه‌وه
یان له هه‌نیسكی له‌زه‌ته‌كانی باوكما سه‌وز بووم
****
هاتوموو...
لێره به ده‌م خه‌می زستانی ژنێكه‌وه
گیانم سپی سپی ده‌چێته‌وه
به ده‌م تۆفانی ژنێكه‌وه
هه‌وارگه‌یه‌ك نابێته نسیبم
له كه‌ناری ته‌نیایی قاتڵی خۆمدا لام ده‌دا
***

ئه‌ی دۆست...
ئه‌م چه‌قۆیه له دڵم ده‌ركه

**كافیە ئەم لەتلەت بونەم**
**ئەی دۆست ئەم جەنگاوەرە شكستخواردوانەی من**
**بەرگەی ئەم جەنگەت ناگرن**
**ئەم هەموو پارچانەی دڵم هەمیشە بۆ كۆناكرێتەوە**
**گوێ بگرە لە زرەی ئەم پارچە شكاوانەی وجوودم**
**ببینە ئەم ڕۆحە لەتلەتەم**
**ئەی دۆست...**
**بە تەنیا ئازارەكانی پێش هاتنی تۆ**
**كافی بوو بۆ فەنا بونم**
**من لە گەڵ تاوێ پێكەنین**
**بارانێ لە قەهر بە سەرما دەباری**
**ئەی دۆست..**
**بێ ترس لە تیا چونم لە مەرگم**
**دڵم دا بە دەستی قەدەرەوە بۆ لای تۆ**
**عاقیبەت**
**منو تۆ بە ئاگری دۆزەخێك دەسوتێین هیچ بارانێ خامۆشی ناكاتەوە**

****

**ئیلاهی...**
**لە ناڵەی پرسیارەكانی هەڵوەرین هەر دەنگێ**
**لە ونبوونم سۆراخێ**
**ئیلاهی برینی من دەستێكی دەوێ كائینێكی دەوێ**
**بۆنی ئەم هەناسە خنكاوانەی ئێرەیان نەگرتبێ**

****

**من لەوێوە هاتومو و**
**نەخشەی كوچە بە كوچەی ئەوێ لە ڕوخسارمایە**
**لەوێ كە خودایەك نیە پێكەنینێ بە دڵببەخشێ**
**لەوێ كە دۆستێك نیە لە قەهری شەوێكا فەنام كات.**

***    ***    ***